# بەسەر پێوە! ... عمری خطاط

omerxatat@yahoo.com

(1)



رەنگە یەکێک لەو وانە سیاسیانەی کە پ. د. ک لە ئەمریکیەکانەوە فێری بووە، سیاسەتی **" الضربة الاستباقية"**" بێت، ئەویش بەپێ ی بیردۆزی لێدان لە دوژمنەکەت پێش ئـــەوەی مەترسی دروست بکات، ئەوە بوو لەمانگی نۆی ئەمساڵ ئاسایشی پ. د. ک "کـوڕانە" لـەبـەرامبەر کۆبوونەوەیەکی "گروپی تارمایی" کە بەنیازبوون لە پارکی هەولێر ئەنجامی بدەن هاتەدەست و پێش کۆبوونەوەکە پارکەکەیان کۆنترۆڵ کردوو نەیان هیشت هیچ کەس توخنی ئەو ناوە بکەوێ، نەک هەر ئەمە تەنانەت بلاوەیان بەو کەسانەش کرد کە لەو ناوە راوەستاون.

پێریش لەبەرامبەر گروپی "پەرلەمانی سەرشەقام" کە ئەوانیش بەنیازبوون بۆ چەند داواکاری یەکی جەماوەریی خۆپیشاندانێک بەرێ بخەن، لەلایەن دەزگا سەرکوتگەرەکانی پ. د. ک ەوە پەلاماریان دەدرێ و 33 کەسیان لێ دەسگیردەکرێ و کۆبوونەوەکە ئەنجام نادرێ، تەنانەت پەیامنێرێکی رۆژنامەی "ئـاسۆ" ش کە بەنیازە کاری رۆژنامەگەری ئەنجام بدات، پاش لێدان و سوکایەتیەکی زۆردەسگیردەکرێ!

پێ ئەچێ گەنجە حەماسی یەکانی ناوگروپی پەرلەمانی سەرشەقام یان تارمایی نیازیان بووبن کارێکی تیرۆریستی ئەنجام بدەن یان هەندێکیان بە نیازبوون خۆیان بتەقێننەوە، یان پێ دەچێ پ. د. ک و دەزگاکانی هەستیان کردبێ کە مەترسیی ئەمان لە گرووپەکەی شێخ زانا زیاتر بووبێ هەربۆیە وەک هەورە تریشقە ئاسا درا بەسەریاندا و نەهێڵدرا نیازەکانیان بەئەنجام بگات. بەهەرحاڵ پێ دەچێ داواکاری یەکانی ئەم گروپە ئاسایشی دەسەڵات نەک هاووڵاتیان بخاتە بەر مەترسی و هەربۆیە دەبێ رێ لە جوڵانەوەکانیان بگیرێت.

پ. د. ک، ئەگەر رێی بدایە ئەو خۆپێشاندانە ئەنجام بدرایە، ئەوا دەچووە ژێر فشاری دابین کردنی:

- ئاو و کارەبا، کە بۆ نەگبەتی، ئەم داوایە لە کوردستان نەک وەک سەرەتایی ترین پێداویستی خەڵک، بەڵکو وەک جۆرێک لە "ماف" تەماشادەکرێت.
- خستنەڕووی ساڵانەی ئەو داهاتانەی کە دەستیان دەکەوێت، کەئەگەر رابگەیەنرێت، ئەوا مافی خەڵکە کە پرسیار بکات کە چۆن و بۆ کێ سەرف دەکرێت.

- تەماشکردنی تاک وەک هاوولاتی خاوەن ماف، وە هەوڵدان بۆ دابینکردنی ئەو مافانە لەوانە کار پێدان، وەرگرتنی پۆستی گرنگ لەسەر بنەمای توانایی، لابردنی سوننەتی بەعس بۆکارپێدان لەسەر بنەمای حیزبی بوون.. تاد
- ڕێگەدان بەو دەزگا مەدەنی یانەی کە ببنە چاودێر بەسەر کارەکانی دەزگا حکومەتی یەکانەوە بەمەبەستی بنەبڕکردنی فەسادی ئیداری و گەندەڵی.
- دانانی سیستەمێکی زانستی بۆ پەروەردە، واتە کورت کردنەوەی دەستی دین و بیروباوەڕیی قەومی و فاشیستی لە سیستەمی پەروەردە، سەربەخۆیی بوونی دەزگاکانی پەروەردەو لابردنی دەزگا جاسوسی یە حیزبی یەکان لەو ناوەندانەدا.
- گەڕانەوە بۆ ئیرادەی خەڵکی کوردستان لە مەسەلە چارەنووس سازەکاندا، تەحریم کردنی هەموو ڕێکەوتنێک و بڕیارێکی سەروو خەڵکی، لەوانە بڕیار لەسەر دیاریکردنی چارەنووسی کوردستان لە ڕیفراندۆمێکی ئازاددا.
- دابین کردنی ئازادی یە سیاسی یەکان، وەک ئازادیی خۆپیشاندان و مانگرتن، بلاوکردنەوە و بیرکردنەوە، نابێ هیچ کەس لەسەر بیروباوەڕی سیاسی و حیزبی بگیرێت و ئازارو ئاشکەنجە بدرێت، . ئەمەو فەراهەم کردنی ئازادیی سیاسی بەمانای خۆدزینەوەی دەسەلات نی یە لە ئەرکەکانی، پێویستە لەسەر دەسەلات بودجەی تایبەت تەرخان بکات بۆ کۆمەک کردن بەو حیزب و ڕێکخراوو تاکانەی کە هەڵسورانی سیاسی ئەنجام دەدەن.
- دابین کردنی دەرماڵەی تایبەت بۆ نەخۆشی و خوێندن و هێنانە پێشی سیستەمی زەمانەتە کۆمەلایەتی یەکان.
- ... تاد

بەلام پ.د.ک و دەسەلاتدارانی تری کوردستان، سور دەزانن کە چوونەژێر تەنانەت 1% ی ئەو خالانەی سەرەوە کە بریتین لە پلاتفۆرمی گروپی پەرلەمانی سەرشەقام وە داخوازی هەرەزۆری خەڵکی کوردستانە، بەمانای پێچەوانەی تەواوی بوونی سیاسی یانە لەسەر ساحەی سیاسەت. ئەم پلاتفۆرمەی سەرەوە کە ئومێدو ئارەزووی تەواوی خەڵکی کوردستانە بە تەواوەتی ناکۆکە لەگەڵ دەسەلاتی میلیشیایی و دیکتاتۆریانەی دەسەلاتدارانی کورد.

لەکۆتاییدا ئومێدەوارم کە گروپی پەرلەمانی سەرشەقام کۆڵنەدەن وە لەوە دڵنیابن کە ئەوپەرلەمانەی ئەوان لەسەر شەقام پێکیان هێناوە نوێنەری داخوازی یە ڕەواکانی خەڵکی کوردستانە، وە پەرلەمانە کارتۆنی یەکەی دەسەلات نەک هەرنوێنەری هیچ یەکێک لەو داخوازی یانەی سەرەوە نی یە، بەڵکو زیاتر کۆمیتەیەکی فراوانی حیزبی یە و لەخزمەت بەرژەوەند یەکانی دەسەلاتدایە.

2005 .11 .22